# قوتابخانەی شێوەیی لە دیدی (جۆرج زیمیل)ەوە

کۆمەڵزانی شێوەیی لە تێڕوانینی بۆ چۆنیەتی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کە تێڕوانینەکەی شێوەییە، ئەمەش واتای ئەوەیە لە دەرەوەی ئەو بوونە مادیەوە سەرچاوە دەگرێ کە کۆمەڵزانی هەر لە سەرەتاوە بنەماکانی داڕشتبوو، بۆیە دەبینین ڕوانگەکانی قوتابخانەی شێوەیی لە دەرەوەی ئەو مادیەتەوە سەرچاوە دەگرێ کە هەیە.

دیارە کۆمەڵزانی شێوەیی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگی بە مرۆڤ دەدەن و وای دادەنێن کە مرۆڤیش دیاردەیەکە لە دیاردەکانی کۆمەڵگە، هەروەها گرنگی بە پێوەندییەکانی مرۆڤ بە برای خۆی کە مرۆڤە لە دووتۆی پێوەندییە شێوەییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەدات، بۆیە زۆرجار ئەو زانستە واتە کۆمەڵزانی شێوەیی بە (ئەندازەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت.)

ڕیمۆن ئارۆن بە شێوەیەک دەڕوانێتە ئەو زانستە وەک ئەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە زانستێکەوە بۆ زانستێکی دیکە تەنیا لە ڕووی شێوە دەگۆڕێن، ئەگینا تێڕوانینی کۆمەڵزانی بۆ دیاردەیەک جیاوازە لە تێڕوانینی لێکۆڵینەوەی ئابووریزانێک یان یاساناسێک بۆ هەمان دیاردە، بۆیە لە دووتۆی ئەو بابەتەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی دیاردەکان بەپێی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئایین، یاسا، هونەر، دەگۆڕێن، بە واتایەکی دیکە کۆمەڵگە لە خودی خۆیدا (چالاکییەکە لە چالاکییەکانی کارلێکردن) لە زۆربەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

---

**لە عەرەبییەوە: شوکر سلێمان**

له کۆتاییدا دەڵێین قوتابخانەی شێوەیی له کۆمەڵزانیدا کە جۆرج زیمیل-ی دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە و گەورە لێکۆڵەرانی ئەڵمانی (فۆن فیزو ئەلفرێد فیرکاندت) دەربڕینی لێدەکەن، ڕۆڵێکی بێ وێنەیان له کۆمەڵزانی ئەڵمانی گێڕا له دووتۆی لێکۆڵینەوەکانیاندا له بابەت (شێوەی پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، کە جیاوازییان لەنێوان شێوەی پێوەندی و بنەما هەستەییەکان دەکرد، بۆ ئەوەی جیاوازییەک له نێوان ئەو و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بکەین.

ئەوقوتابخانەیە له بەرئەنجامی سووربوون و پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوە زانستییەکانیان له بابەت پێوەندیەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپەکان و بەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکان و ناکۆکی و ململانێ و کێبڕکێوە، وای له زانایانی کۆمەڵزانی فەرەنسی (دۆرکهایم) و له ئینگلتەرا (ڕادکلیف براون و ئیفانز بریچارد) کرد، ئەوانیش بخزێنە نێو ئەو قوتابخانەیە و قوڵبوونەوە هزرییەکانیان لەو بوارەدا گەشەپێبدەن.

## ناساندنێکی سەرەتایی قوتابخانەی شێوەیی

قوتابخانەی شێوەیی یەکێکە له قوتابخانەکانی کۆمەڵزانی کە جەخت له شیکردنەوەی شێوەیی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە و له بابەتەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان له ڕووی گۆڕاو و نەگۆڕەوە دەکۆڵێتەوە.

یەکەم کەسێک کە بڕوای بە بنەماکانی شێوەیی له کۆمەڵزانیدا هێنا، زانای ئەڵمانی (جۆرج زیمیل ١٨٥٨-١٩١٨) (*) بوو، کە خۆی کۆمەڵێک بابەت و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لەم ڕووەوە له سەرەتای سەدەی بیستەم پێشکەش کرد، وەک پێوەندییە شێوەکییەکانی پەیوەست بە هاوکاری و دژەکیەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ناوەندی کاری بەرز و نزم له دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا.

پاش ماوەیەک کۆمەڵێک زانای کۆمەڵزانی ئەڵمانی وەک (پرۆفیسۆر ئەلفرێد فیرکاندت و پرۆفیسۆرفۆن فیز) پێوەندیان بەم قوتابخانەوەیە کرد، هەروەها کاریگەری ئەو زانایانەی کاریان له قوتابخانەی شێوەیی دەکرد و ئەوانەی ئەو قوتابخانەیان دامەزراند، پەڕیەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەوێش کۆمەڵێک زانا دەرکەوتن وەک (ڕۆس و سمۆل) و هەندێکی دیکە، کە بە شێوەیەکی کاریگەر کەوتنە هاندان و گەشەپێدانی بیر و هزری ئەو قوتابخانەیە کە جۆرج زیمیل و فۆن وێیز دایانمەزرزاند. (١) معجم علم الاجتماع ص ١٤٥.

## کارلێکی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی بەسەر گۆڕانی کۆمەڵەکانەوە

دیارە کارلێکی کۆمەڵایەتی یەکێکە له بابەتە گرنگەکانی کۆمەڵزانی و سەرجەم زاناکانی کۆمەڵزانی گرنگییان بەم بابەتە داوە، یەکێک لەم زانایانەی کە هەڵوەستەی لەسەر کردبێ، زانای ئەڵمانی (جۆرج زیمیل)ە. کە له توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا سوودی له فەلسەفەی (کانت ١٧٢٤-١٨٠٤) وەرگرت، ئەو لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر پێوەندی نێوان تاک و گرووپ ئەنجام دا بە شێوەیەکی گشتی سەرنجی بەربەرەکانێ و وابەستەیی و دابەشکردنی کاری دا وەک ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە له گشت کۆمەڵگەکاندا هەن.

جۆرج زیمیل کاتێ هەڵوەستە له بابەتێکی وەک کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات، مەبەستیەتی له بەرەنجامی ئەو کارلێکانەوە چۆنیەتی شرۆڤەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکات، چونکە یەکێک له سروشتە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بە کۆمەڵایەتی بوون و ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەیە کە مرۆڤایەتی پێی دەناسرێتەوە.

بە کۆمەڵایەتیبوون پرۆسەیەکە مرۆڤەکان لەو ڕێگەیەوە بیروباوەڕ و مەیل و بەها و پێوەر و دابونەریتەکان له کولتووری کۆمەڵگەکەیان وەردەگرن، هەروەها ئەم پرۆسەیە یارمەتی تاک دەدات تا کەسایەتییەکی تایبەتی وەدەست بێنێ، ئاشکرایە کە نموونە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەیەک له لایەن هەموو تاکەکانەوە بەیەک ئەندازە و یەک شێوە وەرناگیرێن.

گوێزانەوەی کولتوور، هەموو کەسێک لەم ڕێگەیەوە زانیاری و بیروباوەڕی بەها و پێوەر و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆی وەدەست دێنێ له ڕێگەی فێربوون و وەرگرتنی کولتوورەوە مرۆڤ دەتوانێ ناسنامەیەک بۆخۆی بەدەست بێنێ. له دوو توێی کامڵبوونی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون، تاک دەتوانێ ببێتە بوونەوەرێکی مرۆیی له ئەنجامی ئەم پرۆسەیەشدا مرۆڤ

دەبێتە خاوەنی (خود) یان هەستکردن بە ناسنامەی خۆی (٢)

لەم شێوە ژیانەدا ئەرک و پێوەندییە تاکە کەسییەکان لە یەکتر جیانابنەوە و گیانی هاوکاری و یەکێتی زاڵە، کە هەڵبەت لەم ڕەوشەدا گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ڕەهەندێکی سنووورداری هەیە. لە بەرانبەر ئەمەدا کۆمەڵگە لەسەر بنچینەی ژیانی شاری دروست دەبێت و هەستکردنی پێوەندی بە کۆمەڵ لاوازە. جیاوازی خەڵک لە ڕووی ئەزموون و پێشینەی کۆمەڵایەتییانەوە لە لێکچوونیان زیاترە و (پێوەندییەکان لە ژێر دەسەڵاتی (ئەرکەکان) دان. لەو حاڵەتەدا مەرام و ئارەزووە تاکە کەسییەکان ڕۆڵێکی باڵا دەستیان هەیە و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان خەسڵەتێکی ئاشکرا و دیاریان هەیە، تەنانەت لەنێو یەک نەوەشدا. لە کۆتاییدا لە (کۆمەڵ)دا پێوەندییەکان حاڵەتێکی تاکە کەسی، نارەسمی، نەریتی سۆزاوییان هەیە و، لە کاتێکدا کە لە (کۆمەڵگە)دا پێوەندییەکان لایەنی ناتاکەکەسی، ڕەسمی و گرێبەندی، بەرژەوەندی خوازانە و ڕیالیستیانەی هەیە. (٣)

گرووپ لای جۆرج زیمیل دوو جۆرە، یان گرووپی گەورەیە یان بچووک، گرووپی بچووک وەک گرووپەکانی قوتابخانە و پیشەیی و بەرهەم هێنان و هەندێ جار گرووپی ئایینی و ئایینزای واش هەیە دەچێتە هەمان خانەی گرووپی بچووکەوە، ئەو گرووپانەش لە ڕووی پێکهاتە سۆسیۆلۆژییەکانیانەوە لە ڕووی دابونەریت و پێکهاتە و ئولەکانیانەوە (المعتقدات) لە یەکتر جیاوازن.

گرووپی مەزنیش وەک ئاپۆرەی گەورەی جەماوەری کە چەند بیر و ئاوازێکی سەرەتایی ڕابەرایەتییان دەکات و هەوڵی گۆڕان دەدەن، کە لە دووتۆی ئەو ئاپوورەیەوە سیستەم و تێڕوانین و شێوەی کۆمەڵایەتی و شێوەی ژیان و گۆڕان لە بەهاکان و دەرکەوتنی هەندێ سونبل لە بەرەنجامی ئەو دیاردەیەوە دێتە کایەوە، لێرەوە کە جۆرج زیمیل ئاخاوتنەکانی لە بابەت وێناندن و هزر و (الافکار) ناکۆکی لەسەر بەها خورد دەکاتەوە، کە ئەمانە هەموویان دەربڕین لە دیاردە دەکەن و لە دووتۆی بوون و بنیادی گرووپەکانە دەردەکەوێت (٤).

زیمیل لە دووتۆی سۆسیۆلۆژیای گرووپەکانەوە دەچێتە سەر چارەسەری ڕەگەزەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی لە ڕێکخستنی گرووپەکاندا، هەروەها ئاماژەش بە ڕەوشتی کۆمەڵی دەکات، کە ئەو ڕەوشتە هەمیشە قەبارەی ئەو گرووپانە دیاری دەکات، لە ڕووی بەها و بنەما و پێوەر و ڕەوشتە گشتییەکانیانەوە.

تیرِوانینی زیمیل لە جیاوازی پێوەرە کۆمەڵایەتییە گشتییەکانەوە وەک (دابونەریت، یاسا، ڕێسا ڕەوشتییەکان) تێڕوانینێکی بابەتییە، کە ئەو بە دیاردەی (سەرووی کۆمەڵایەتی) دایان دەنێت، یان بنەمایەکی ئاکاری و ڕەوشتییە لە دەرەوە بەسەر مرۆڤدا سەپاوە، کە ئەمەش بنەما و بەرەنجامەکانی بە بوونی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بەدیار دەکەوێت، کە وا لە مرۆڤ دەکات پابەند بێت بە یاسا و ڕێسا ڕەوشتی و ئاکارییە گشتییەکان لە لایەک، بوون و سەلماندنی خودی خۆی بە شێوەیەکی ئازاد لە لایەکی دیکەوە (٥).

پابەندبوونی تاکەکەس بە کۆمەڵگەکەی لە دووتۆی ئەو پێوەندییەی کە پێیەوە هەیە، پابەندبوونێکی جەوهەرییە، کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی چەندین شێوەی پێوەندی، کە ئەوانیش پێوەندی ڕەوشتی خێزانی و مێژوویییە، کە ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەش لە سەرووی هەموویانەوە پێوەندی دەرەکییە کە لە دەرەوە دادەسەپێتە سەر مرۆڤ، بەو واتایەی ئەو پێوەندییە جەوهەرییە لە کۆمەڵگەوە دادەسەپێتە سەر تاکەکەس.

**پەراوێزەکان:**

* جۆرج زیمیل: فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە لە ساڵی ١٨٥٨ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩١٨ کۆچی دوایی کردووە، ئەم فەیلەسوفە لە بواری کۆمەڵزانیدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە و لەم بوارانەدا گەشەی بە کۆمەڵزانی داوە:

أ- لێکۆڵینەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی کە ڕەنگدانەوەی بەسەر گۆڕانی کۆمەڵەکانەوە هەیە.

ب- لێکۆڵینەوەی چالاکییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان.

ج- شیکردنەوەی زانستی کۆمەڵگە.

هەڵبەت جۆرج زیمیل کۆمەڵێک کتێبی نایابی لە بواری

کۆمەڵزانیدا بەرهەم هێناوە وەک: (philosohie des geldes) کە لە ساڵی ١٩٠٠ چاپ و بڵاوی کردەوە، کە باس لە کاریگەری ئابووری نەختینەیی لە ژیانی کۆمەڵگەدا دەکات و هەروەها لە پێوەندی نێوان ئاوەزی زانست و سیستەمی سەرمایەداری دەکۆڵێتەوە، زیمیل بڕوای وابوو کە دەبێ کۆمەڵزانی وەک زانستێک تەنیا کاری ئەوە نەبێ لە بنەماکان و پێکهاتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بکۆڵێتەوە، هەروەها کتێبی (کۆمەڵزانی) کە لە ساڵی ١٩٠٨ز چاپ و بڵاوکردەوە، کە لەو کتێبەدا باس لە سروشتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکان دەکات و ڕۆڵی هاووڵاتی بیانی لە کۆمەڵ و ژیانی مەدەنی نوێ و چینەکانی حکومەت و دەسەڵات و جۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە. (د. دینکن میشیل، معجم علم الجتماع، ص ٢٦٨).

١- د. دینکن میشیل، معجم علم الاجتماع، ترجمة: احسان محمد الحسن، بغداد، سنة ١٩٧٩، ص ١٤٥.

٢- مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی کۆمەڵێک نووسەر، هەولێر ساڵی، ٢٠٠٦، چاپی دووەم، ل ١٣٣.

٣-مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی کۆمەڵێک نووسەر، هەولێر ساڵی، ٢٠٠٦، چاپی دووەم، ل ١٣٣.

٤- قباری محمد اسماعیل، قضایا علم الاجتماع المعاصر، مصر- الاسکندریة، ص ٢٦٢.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٦٧.

**سەرچاوەکان:**

(١) د. دینکن میشیل، معجم علم الاجتماع، ترجمة: احسان محمد الحسن، وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشید للنشر، بغداد، سنة ١٩٧٩.

(٢) مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی کۆمەڵێک نووسەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ساڵی ٢٠٠٦، چاپی دووەم.

(٣) قباری محمد اسماعیل، قضایا علم الاجتماع المعاصر، مطبعة الکاتب المصري للطباعة والنشر، مصر- الاسکندریة.